

# عومەر خامۆش

(کۆ شیعر)


کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی:

غەفوور مەخمووری



چاپی دووەم    ٢٠٢٥    هەولێر - کوردستان

# عومەر خامۆش

## (کۆ شیعر)

کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی:

**غەفوور مەخمووری**

چاپی دووەم ٢٠٢٥ هەولێر - کوردستان

# عومەر خامۆش

**(کۆشیعر)**

بابەت: **شیعر**

ناوی نووسەر: **غەفوور مەخمووری**

پیت چنین و هەڵەچنی: **یاد سارمەمی**

دیزاینی ناوەو بەرگ: **بەلوگرافیك - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

چاپ: **چاپی دووەم ٢٠٢٥**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

چاپخانە: **ماردین**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان

ژمارە (١٥٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ ی پێدراوە.



# عومەر خامۆش

"کۆشیعر"

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

غەفوور مەخمووری

٢٠١٢

چاپی یەکەم

# چەند پەیڤێک لەجیاتی پێشەکی

**غەفوور مەخمووری**

خوێنەری ئازیز ...

ئـــەم کتێبـــەی بەردەســـتت بریتییـــە لـــە کـــۆی بەرهەمـــە شـیعرییەکانی شـاعیر (عومـەر خامـۆش)، کـە پێکهاتـووە لـە هـەردوو دیـوانی (زەنگـی هەتـاو) و (بلـووز)، دیـارە پێشـتر دیـوانی (زەنگـی هەتـاو) سـاڵی ١٩٧٩ لـە بەغـدا چاپکـراوەو کەوتۆتـە بەردەسـتی خوێنـەری ئـەو کات، بـەڵام هەرچـی دیـوانی (بلـووز)ە ئەوەیـان تاکـو ئێسـتا وەکـو دەسـتنووس مابـۆوەو لای بنەماڵـەی شـاعیر پارێزرابـوو، ئێمـە لێـرەدا هـەردوو دیوانمـان بەیەکـەوە وەکـو (کـۆ شـیعر) کۆکردۆتـەوەو چاپکـردووە.

بێگومـان شـیعرەکانی (خامـۆش) رەنگدانـەوەی ژیـان و خۆزگـە

و ئاواتــەکانی ئــەون و تەعبیــر لــە کەســایەتی و واقیعــی ژیــانی ئــەو دەکــەن، (خامــۆش)ی شــاعیر جیهانێکــی تایبــەت بەخــۆی هەبــوو، بۆیــە کــە شــیعرەکانی دەخوێنیتــەوە هەســت بــەوە دەکەیــت شــاعیر لــە جیهانێکــی پــڕ لــە فەنتازیــادا ژیــاوە و، کەســێک بــووە عەشــقی جــوانی بــووەو هەمــوو شــتێکی جــوان ســەرنجی راکێشــاوە، ئەویــش لــە رێگــەی شــیعرەوە هەســتی پەنگخــواردووی نــاوەوەی خــۆی دەرب‌ڕیــوەو گوزارشــتی لــە خــۆی و دەوروبەرەکــەی کــردووە، شــیعرەکانی (خامــۆش) بــە ژمــارە کــەم بــەڵام پوخــتن، خوێنــەر کــە شــیعرەکانی (خامــۆش) دەخوێنێتــەوە هەســت بــەوە دەکات کــەوا شــاعیر زۆر بــە ســادەیی و راســتگۆیانە مامەڵــەی لەگــەڵ واقیــع و ژیانــدا کــردووە، ئەمەیــش بۆتــە هــۆی ئــەوەی کــە شــاعیر زیاتــر ســەرکەوتوو بــکات و لــە خوێنــەری نزیــک بکاتــەوە.

هەڵوەســتەکردن لەســەر فــۆرم و ناوەڕۆکــی شــیعرەکانی (خامــۆش) کارو کاتێکــی زیاتــری گەرەکــە، بــا ئــەو بــوارە بــۆ ئــەو بەڕێزانــە جێبهێلیــن کــە لــە شــیعر دەکۆڵنــەوە، بــا بزانیــن (خامــۆش) کێیــە ؟

**(خامۆش)ی شاعیر کێیە ؟**

(خامـۆش)؛ نـاوی تـەواوی (عومـەر شـەریف رەسـووڵ)ە، سـاڵی ١٩٤٧ لـە گونـدی (عاڵـڵا)ی سـەر بـە ناحیـەی (دیبەگـە)ی سـەر بـە قـەزای (مەخمـوور) سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر لەدایکبـووە، قۆناخـی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و خانـەی مامۆسـتایان (دار المعلمیـن)ی لـە شـاری هەولێـر تەواوکـردووە و، لـەو کاتـەی کـە چۆتـە خانـەی مامۆسـتایان دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر کـردووەو سـەرەتای شـیعر نووسـینی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٦ .

سـاڵی ١٩٦٨ بووەتـە مامۆسـتا و، لـە زۆربـەی گونـدەکانی دەشـتی هەولێـر مامۆسـتایەتی کـردووە، پاش ٢٢ سـاڵ خزمەتکـردن وەک مامۆسـتا سـاڵی ١٩٨٩ بەهـۆی نەخـۆشی (شـیزۆفرینیا) خانەنشـین دەکرێـت، هـەر بەهـۆی ئـەم نەخۆشـییەوە شـاعیر لـە شـەوی ١٩٩٢/١٢/٣١ دا و لـە تەمـەنی ٤٥ سـاڵیدا ماڵئاوایـی لـە ژیـان دەکات و لـە گۆڕسـتانی (کارگـەی قیـڕ) لـە شـاری هەولێـر بـە خـاک دەسـپێردرێت.

شـایانی باسـە (خامـۆش) سـاڵی ١٩٧٠ ژیـانی خێـزانی پێکهێنـاوە و، کـچ و کوڕێکـی بەنـاوی (موکریـان و دلۆڤـان) لـەدوای خۆیـدا جێهێشـتووە.

بەڵێ (خامۆش) وەکو جەستە خامۆش بوو، بەڵام شیعرەکانی بۆ هەمیشە (خامۆش) بە زیندوویی دەهێڵنەوەو وادەکەن مرۆڤ لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکانیدا هەست بە بوون و زیندوویێتی (خامۆش) بکات.

سڵاو بۆ رۆحی پاکی (خامۆش)، شیعرو خۆشەویستیش بۆ ئێوەی ئازیز .

شەوی ٨/٧ - ١ - ٢٠١٢

فرانکفۆرت - ئەڵمانیا




**زەنگی هەتاو**

**عومەر شەریف رەسووڵ**

## ئاوازی نائومێدی

تریفـەی مانـگ، پڕشـنگی خـۆر، ئاسـمانی شـین
لێـڵ و تەڵخـن، لەبەرچـاوم، نەیانمـا تیـن
پەریـی هەسـتم بەیـادی ئـەوان ئـەکا شـین
چـاوی خەفـەت، ئەبارێنـێ فرمێسـکی قیـن

نـووزەی خەفـەت لەنێـو گـەرووی ژیانـی تـار
ئاوازێکـە کاریگـەرە وەك سـۆزی تـار
شـێوەنێکە نائومێـدی بـۆ گوڵبەهـار
کـە پەپوولـە لـە وەرانیـا ئـەکا هـاوار

پاش ئاواتـی لەدەسـت دەرچـووم خـەم ئەکـەم نۆش
بـە ئـازارم لـە سـکاڵای ناخـی پـڕ جـۆش
بـە کەلەبچـەی زیندانـا بەندکـراوە هـۆش
کـپ بـوو گـڕی سـۆزو هەسـتم منـم خامـۆش!

کۆتایی ١٩٦٧

## بێهوودەیی

نەخێر ناتوانی ئەی یار
دەرم بێنی بە ئاسانی
لە سەنگەری گۆشەگیریم
تەفروتونا کەی ئازارم
لە جیهانم چی ئەزانی؟
راهاتووم هەروەها بژیم!
لە بوونا هەڵەتەی یەك رێم
بۆیە ناچارم کە بڵێم:
پەڕامووچەی پەراگەندەم
لە سووڕانێکم هەموو دەم
لە جغزی ژینی بێهوودەم
چاوەڕێی ئەو زەماوەندەم:
کە دڕکی رۆژگاری دوژمن
دەروونی من زامار بکا

گوێچکـــەی ســـۆزم تۆمـــار بـــکا

نـــووزەی قووڵـــی زەنگـــی مـــردن!

هاوینی ١٩٦٩

## خۆزگەی خنکاو

هەستی وێڵم حەز ئەکا لە نوقمی سرنج
لە نیگای ناز لەنجەی پێ کا شەپۆڵی حەز
بەڵام ئەفسوس ئەوا دیسان دێوو درنج
بەرهەڵستن، دژ ئارەزووی بەختیاری ئەز

داپیرۆچکەی رۆژگارەکەی دەردەسەریم
تەونی یادی تەمەنی پڕ خەمی تەنیم
ماخۆلانی چڕی دەروون تەکەڵ تەکەڵ
ئاوێنەی هۆشی داپۆشیم وەکو دووکەڵ

وشەی بەزیو لە کاروانی دەربڕینا
بەرامبەری کیژەپەریی روو پەمەیی
لە گەرووی یاد بەکزییەوە وەك ئاو مەیی
هۆشی تەزیو لە هەڵوێستی سەربڕینا!

لــەو کاتــەدا ئــەو بزەیــەی کــە پێــی رەنجــام
پــڕ گومــان بــوو تراویلکــە بــوو لــە ئەنجــام
بــۆ دواوە بــوو، ئــەو رێگایــەی بەســۆز پێــوام
بــە چەشــنی تــەم رەوایــەوە، نەمــا هیــوام

زستانی ١٩٧٠

## هاواری سەربڕاو

تەمـی ڕەنگینـی ئـاوازی ژیانـی ئـارەزوو و ئـاوات
وەکـو سروەی پڕ لـە ئەفسـوون بە شـەپۆڵی ناسـك ئەڕوات
بەسـەر دڵـەی قەڵەنـدەری بەندکـراوی زیندانـی کات
بـە چاوێکـی فرمێسـکاوی بۆ ڕێـگای ڕابـردووم ئەبات

کامـە گێـژاوی تەلزگـەی ترسـناکە تێـی ئـاڵاوم؟
هەورەتریشـقەی دوودڵـی، ورەی بـە ئەژنـۆ بـەرداوم
لـە زەڵـکاوی بەدبینیـا کـپ بـوو هـاواری تاسـاوم
بەڕێـی دەرنەچـووم پەی نابـەم، دیدەی تـرس دەوری داوم

ئایـا بـێ گوێچکەیـە ئاسـمان لـە ئاسـتی نـووزەو گریانـم؟
بـەدوای ڕازی ڕاسـتی گەڕام، کەچی خەمی دا نیشـانم
مانـەوەم تاوێکـە کورتـە، لەسـەر شـانۆکەی جیهانـم
ئـەی لەبەرچـی بـەدی نایـە هەمـوو ئامانجـم نازانـم

ئـەی هەتـاوی خۆشەویسـتیی بەهـاری هیـوای چەمەنم
دەدوایــی بێنــە ئــازاری شــەوی نۆتەکــی تەمەنــم
دەبـا منیـش بەسەربەسـتی پـڕ بـە زارم تێـر پێکەنـم
تـا دەمێـك بەکامـی دەروون، مۆسـیقای شـادی بژەنم!

هاوینی ١٩٧١

## بڕیاری دڕکاوی

ئـەی دیـدە کاڵ، جوانیـت لەنێـو بـادەی دڵـم ئەتوێتـەوە
کـە پێـی مەسـت بـم، بـە قووڵایـی ئاسـمانی شـینی بەهارم
پێئەکەنـــێ کامەرانیـــم، ئامێـــزی بـــۆم ئەگرێتـــەوە
بـە نازەکـەی ئەفسـووناویت، لائەچـێ سـامی شـەوگارم!

سـۆزی گەرمـی ئاگرینـی دیمەنـی تەماویـی گریـان
بەسـتەی هیـوای لاویەتیـم بـوو، بەکـوڵ ئەمـوت بۆ تـۆی نیان
رازی هەسـتی ئەدرکانـدم، بەرامبـەر شـێوەی ئاسـمانیت
ژێـی ئەندێشـەی ئەجولانـدم، ناچـاری ئەکـردم جوانیـت

لـە هەڵپەڕکێـی شـەپۆلی شـێوە خنجیلـەی قەڵبـەزی چـەم
چوارچێوەیـەك دروسـت بکـەم بـۆ هۆنـراوە هەتیوەکـەم
پرشـەی زەردەخەنـەی گەشـی پەلکەزێڕینـەی ئاواتـم
قشـت و ناسـك بگرێتـە خـۆی، تـا رووناك کا ئاسـۆی کاتـم!
واتێنەگـەی لەبیـرم چـووی ئـەی هەڵاڵـەی هەنگـی گیانـم

بەقـەد قوڕسـایی دەسـتاڕی ڕۆژگاری خەمـی سـەر شـانم
خۆشمویسـتووی، بـەڵام ئازیـز، کـە لێـدرێ زەنگـی گومانـم
نـەك خـۆم و تـۆ، بەڵکـو بوونیش مانای ئەسـڕێ لـە ویژدانم!

تەمـــی ســـەوزی ئاســـۆی ســـپیی ســـەهۆڵبەندی یـــادگارم
لەگـەڵ خەونـی پـاش وەنـەوزی، ڕەهێڵـەی ئـارەزووی ئاڵـم
بـە مـرواری شـێوەنی جـۆش، بـە وردی ئەچنـێ دەسـماڵم
تـــا ببێتـــە کفنـــی ســـۆزم لـــە ئاهەنگـــی شـــەوی تـــارم!

بڕیارمـــداوە پێڵێنێـــم، لـــە ژیانـــا هەڵنەهاتـــووم
تەبـام لەگـەڵ بەختیاریـم، لـە بـزەی نەرمـی ڕاهاتـووم
مـادام لەخۆشـی ژیـن ئەگـەم، بـڕوا بکـەن تێنەکەوتـووم
چونکـە بەهـۆی لـە ئـازاری دەوروپشـتی خـۆم گەیشـتووم!

هاوینی ١٩٧١

## پشکووتن

کوڕی ئاوم

نەمامی کچی هەتاوم

هەوزەمانم

مووغەکانم

*****

هەورەکانم

نم نم بارانی لێ بارین

لەسەر ئاوازی ناسکۆڵە

شیرین شیرین

دڵی گەنجم هاتە سەما

لە پێش چاوانم تەم نەما!

*****

چرای هۆشم نەوتی ناوێ

تا دیدەی تیژم بڕ دەکا

تیشکی داوێ،

هەستم مەی جوانی فڕ دەکا

ئەگەر جیهان نەما خۆری

چراکەم بێبەشی ناکا

بیرو سۆزم تێکەڵ دەبن لەگەڵ خاکا!

کۆتایی پاییزی ١٩٧٧

## بزەی مۆم

بۆ کارمامزەکەی قەڵا

( ئای جیهان چەند گەورەیە لەبەر چراداو
چەندیش بچووکە لە چاوانی بیرەوەریدا )
بۆدلێر

بێ دەمامکم
بەبێ چۆغەم، بەبێ رانکم
بێ زمانم
شەیدای مانگم
شێتی دیمەنی تابانم
وەك زستانم
لە گریانم

بۆ پاییزم
لە بۆ چرای مات و کزم
بۆ بەهاری تەڕو سەوزم
لە بۆ ختۆکەی وەنەوزم
ختۆکەی ئاوازی تەنك
کەوا تك تك
لێی دەباری بزەی ناسك
تەنك تەنك
هەست دەینۆشی پێکی خونچەی حەزی فێنك!
* * *
دڵم لەسەر ئەو ئاوازە
بۆ ئەو چاوە بۆ ئەو ئاوازە
دەفڕی دەفڕی
بێ باڵ دەفڕی
پەردەی دەدڕی:
پەردەی هەتاو
سێبەری ئاو

بۆ نازی چاو!

* * *

هێرۆی نیان

شلك ناسك چەشنی ئاسمان

بە چرپەی ناز دڵی دەدوان

ئای بۆ شەوان

ئای بۆ شەوان

* * *

رامبۆ، گۆران

هۆنراوەیان،

پەنجەی خوشکی هۆنراوەم بوون.

دڵیان کچی شەرمن ئاسا

نازی تەڕیان لێ دەباری.

هەست و سۆزیان وەك تارمایی، وەك تەمی شین

دەڕژانە سەرچاوەی شیعرم.

سۆزو هەستیان وەك پەپوولە

دەنیشتنە سەر شکۆفەی هۆنراوەکان!

* * *

گریان گریان

تنۆك تنۆك

تنۆك کەم کەم

دەبوو بە تەم

ڕەوی دەکرد بۆ نێو باخ و گوڵزارو چەم!

چۆن لەبیرکەم

بیرەوەری

لەگەڵ پەری ؟!

* * *

بە بادەی حەز

حەزی خاوێن

دڵم دەفڕی

بەیەك فڕی

سرووشانی ساماڵاویم،

پیرۆزەی ساماڵی هاوین

کەوا چین چین

پەپوولەی رەنگینی هەستم

لەسەر خونچەی یادگارم

دەنیشتنەوە،

بۆیان دەچنیم شیلەی خەستم

هەوێنی پاکی هەڵبەستم!

* * *

تیشکی سەوزی مۆمی سۆزم

بزەی نەرمی،

دەبارییە ناو دڵەکەم.

پەیتا پەیتا شکۆفەی ئاڵی گوڵەکەم

بۆنی خۆشی،

تاو تاو تەنك

تەنك تاو تاو

دەکەوتە هەڵپەڕکێ و سەما

دەبووە بۆیەی لێوی کچۆڵەی هەڵبەستم،

بە پەنجەی ناسکۆڵەی هەستم

تابلۆی رەنگاوڕەنگی خەیاڵ

ورد دەمنەخشاند،

دروست دەبوو،

دەهاتە دەر،

دەبووە ئاوێنەی سەرمێزی

کچێکی شۆخی چاو کەژاڵ

* * *

چاوی شیر بوو!

مەمکی تیر بوو!

رازی دەپێکا پەڕەی دڵ

ناوەوەی دڵ!

بەناز بەناز

بەلەنجەی ناز

بەدیدەی ناز

بەبزەی ناز

رەنگیم دەبیست

جۆشی تویست!

دەنگیم دەدی

شنەی پەری
رەنگ دەبووە دەنگ
دەنگ دەبووە رەنگ
لە شێوەی شۆخی شل و مل
لە شێوەی شۆخی شۆخ و شەنگ!

هەولێر - گەڕەکی کوران
کۆتایی پاییزی ١٩٧٧

## زەنگی هەتاو

ژیکەلەکە:
دەنگی خۆشی خۆشەویستیت
هارمۆنییە بۆ هەڵبەستم،
سمفۆنیایە پێی سەرمەستم.
کاتێ میهرت
چریکەی سۆزی دەڕژێنتە گوێچکەی هەستم،
دڵم دەکەوێتە سەما
رێ ون دەکەم لەناو تەما.
بەڵام کاتێ هەتاوی رووت
مەمانی رووت
مەمانی قووت
هەستی من ئاسا رووت و قووت،
چاوبڕکێ دەکەن لەگەڵما
ئا سەر لەنوێ
دادەگیرسێن مۆمەکانم،

لەنگەر دەگرێ
پاپۆڕی ماندووی ژیانم!
بە سروەی فێنکی یادت
ئارەقەی خەمی بابردووم،
دەسڕێتەوە
لەکەی ژیانی رابردووم.
کاتێ بارانی خەندەکەت
دەبارێنیتە دڵەکەم
تێر ئاو دەبێ کێڵگەی هەتاو
خونچەی نەوهاڵی گوڵەکەم
دەکرێتەوە،
دەدڕێ ناسك پەردەی هەناو
تەرزەی بیرم دەتوێتەوە
دەتوێتەوە چلوورەی هۆش
تێر دەبیستم ئاوازی خۆش!
قەفەزی ساردم دەشکێنم
تەلی باڵەکانم دەپسێنم

سەر دەردێنم
دەردێم دەردێم
بەستە دەڵێم:
لەبۆ ژیان
لەبۆ ئاسمان
بەستەکەشم دەڵێمەوە:
ناتوێمەوە
ناتوێمەوە
ناتوێمەوە!

هەولێر - گوندی دووگردکان
١٩٧٧

# شەترەنج

ژوورەکەم بەبێ چرایە
لە پەنجەرە قووڵ قووڵ سەیری ئاسمان دەکەم
ساتمە ناکەم.
ئاسمان قۆرتە، عەرد ساتمەیە!
شانۆی شەترەنجی گەمەیە.
کش مەلیك کش، قەڵات رووخا
ئەسپ سەرباز دەیئاژوا
تۆ سواری بووی ئەویش دەڕوا!
* * *
سەربازەکە لەناودەچێ
ئەسپی خورتیش راناوەستێ
دەتبا دەتبا
بەهێز بە کێوت دادەدا!
* * *

جڵەوگری ئەسپت نەما
کاتێك لەبۆ تۆ بوو بووە پرد
بەخۆی نەمرد لەناوتبرد
سەری خواردی ئەسپی تەما!

١٩٧٧

## ڕەشەبا

ئەی ڕەشەبا
بە دەنگی ناسازی قەڵت
بۆچی بۆچی لێم ناگەڕێی؟
دەڵێم گەڕێ با بخەوم.
گوێچکەم پووشە
لافاوەکەت گەڵێ تووشە
دەیبا دەیبا
لوولیدەدا
ئەو دەمەی کە دەستی توندت
لە زەنگی ژوورەکەم دەدا!

* * *

من شوانم
پەڕە کاغەز: مەڕەکانم!
قەڵەمی دەستە: گۆچانم!
مانگی ڕێگای شەوینەکەم: مۆمەکەمە!

بزەی چرای هۆدەکەمە!

* * *

دڵەکەشم دوو پارچەیە
درەختی بەڕووی باخچەیە
پارچەیەکی لە کوورانە
ئەوی دی لە دووگردکانە
کوشتەی چاوی دڵبەرانە:
موکریانە[١]
دلۆڤانە[٢].

سەرەتای زستانی ١٩٧٧

١. موکریان: کچی شاعیرە.
٢. دلۆڤان: کوڕی شاعیرە.

## هەور

لەدوورەوە دەنگەکەی دێ،

دەنگی رەوتی ئەسپەکەیە،

شریخەی هەوری سەرکەشە

برووسکەکەی: تریسکەی شیری دەستڕەشە

سوار ئەسپەکە نیقاب پۆشە

چاوەکەی سوورە بەدفەڕە!

* * *

کاتێ دادەکاتە باران

لەنێو کەوان

تیرێ دەردێ

جەستەم دەسمێ!

* * *

دایە دایە

دەنگت نایە؟

کارەسات هات

بریندارم دێمە پەنات

تۆ شوورەمی بمپارێزە

کەڵبەی هەورەکە بەهێزە!

* * *

پەرستگاکە ساردو سڕە

بەبێ گڕە!

زەمینەکە سەراوبنە

نووزەی ساواو ئاهی ژنە!

سەرەتای زستانی ١٩٧٧

## پرچی سووتاو

ئەی خۆرەتاوی سۆزەکەم
ئەی مۆمەکەم
رەنگم وەکو بزەت زەردە
ئاهم وەکو ئاهی تۆ سەردە
بۆچی پرچم دەسووتێنی؟
بێهۆ دڵم دەڕەنجێنی؟
کەست نەدیتەوە وەك من
هەڵکێشێ هەناسەی بێ بن؟
* * *
وەردیانم قورقوشمی لە قوڕگ کردووم
ئا بە کل نووساوە دەنگم، دەنگی گەرووم.
زەروو خوێنی دڵم دەمژێ،
پاسەوانم لێمناگەڕێ
بە کامی دڵم بخوێنم بە ئارەزووم!
* * *

بێزارم و تووڕەم تووڕەم

دژی سازە ناسازەکەی

دەهۆڵ و زوڕنا و تووڕتووڕەم!

قەفەزەکەم دەسووتێنم

لەشەقەی باڵ دەدەم دەفڕم

لەسەر چڵی هەتاوی گەل دەچریکێنم

سروودی سەربەستی دەچڕم!

١٩٧٧

# دەنگ

ئەی دەنگەکە
ئەی دەنگەکەی پەڕ ڕەنگەکە!
گیانی گیانم
ئەی هەڤاڵەکەی دێرینم
بەڕۆژ و شەو
لە بێداریم
لە بێزاریم
هەتا لە خەوی شیرینم
لێمناگەڕێی!

* * *

دەنگ مەلێکی ئاسمانییە
دەنگی خۆشی هاوتای نییە:
بە چریکە کارەباوییە پڕ سیحرەکەی
پەیتا پەیتا تەڵی سۆزم دەهەژێنێ
وەکو پەڕاموو چەی نازی دیدەکەی یار

هێدی هێدی دڵی ساوام دەگریێنێ.

زامی کۆنم دەژێتەوە

چاوگەی ناڵەم دەکرێتەوە

کانیاوی گریانی تەڕم

لە چاوان دەتەقێتەوە!

دەنگەکە زامم قووڵ دەکا،

قووڵی دەکا

وەکو ئازارە قووڵەکەم!

چەند سەرم دەهێنم و دەبەم

نازانم بۆ؟

بۆ تێی ناگەم؟

دەنگ تەلیسمی پڕ جادووە

گریەی چاوی ئارەزووە!

* * *

ئەی دەنگەکەم پەڕ ڕەنگەکەم

هاوڕازەکەی دەردەنگەکەم

لە زامی ئاڵم دەئاڵێی!

تێکەڵ دەبی

لەگەڵ گڵم

تێکەڵ دەکەی

لەگەڵ گڵم

تێکەڵ دەبم!

١٩٧٧

## خونچە گوڵ

کاتێ ئاوی رووبار دەمبا
گێژەنەکەی لووشم دەدا
یادت دەکەم.
شانە مێش هەنگی دەروونم
لەسەر ئاوازی بەستەی تەم
دەبێتە دەستی فریشتەی رزگاربوونم!

* * *

کاتێ لە ئاوەکە دەردێم
بەرەو دەرگات هەنگاو دەنێم
مێش هەنگ تیم تیم خۆیان لەتۆ دەئاڵێنن
بۆ بارەگات پەنا دەبەن
بەدیدەی حەز دڵی تێنووی تۆ ماچ دەکەن
بەگزەگزی رەنگاوڕەنگ دەتدوێنن!
هەنگە زەردە پێوەنادا
پێوەش بدا

نەخۆی دەمرێ

نەکەس دەکوژێ

ژەهرەکەی تامی هەنگوینە

بەری رەنجەکەی شیرینە

بەڵام ئەی خونچە سوورەکە:

بزەی هەنگ گزنگی تۆیە

بۆ تۆ تیشکی رەنگ و بۆیە!

١٩٧٧

## کۆتر

ئەی هەورۆکە
ئەی بەفرۆکە
هەر ئەمڕۆکە
ئەمڕۆ ئەمڕۆ
کە تۆم دی کەوتییە گفتوگۆ
لەسەر ئاوازی دەنگی خۆش
دڵم کەوتە جۆش و خرۆش
دەنگیش دەنگی تۆی پێوە بوو
دەنگێکی بێ چوار چێوە بوو
هەر دەڕۆیی و نەدەبڕایەوە!
لەسەر پەردەی گوێچکەی سۆزم
مەرەکەب بوو نەدەسڕایەوە!
* * *
ئەو دەمەی کە لێکدابڕاین
بەکوڵ گریاین

بەدڵ گریاین

دەزانی بۆ؟

چونکە مەڕگەوەڕی زەمان

پەنجەی بەدی

لەسەر پەلاپیتکەی زمان

هەڵناگرێ

کاتێ دەبێتە ئاگرێ

لێکمان دەکا

لە سەنگەرێك دەرمان دەکا!

* * *

هاوبیرەکە

ئای ئەی وەك من دەست و پێ لە زنجیرەکە

چیم لەدەستدێ ؟

مەگەر بە رووی کاغەز وەدەم

نووسین بسڕێ فرمێسکەکەم!

١٩٧٧

# قەفەز

قەفەزەکە دەرگای هەیە
دەرگای والآیە گەورەیە
بولبولێکی لەناودایە
مۆمیش لەبەر دەرگایە
ژوورەکە گەش و رووناکە
بولبول دڵسۆزو دڵپاکە
هەر لە باڵە فڕکە دایە
هەند ماندووە نووزەی نایە
تەکان دەدا تەکان بە تین
دەردەدا ئەشکی رەش و شین
ئەشکەکە دەبێتە برین
خوێنی گەش سەردەکا چین چین
دوو باڵ دەشکێن دوو باڵ دەشکێن
تەلی قەفەز ئاڵە لە خوێن!

١٩٧٧

## دەستی سووتاو

دڵم لەبەر گڕی جوانی دڵی تۆدا
چەمایەوە کڕنۆشی برد،
لەبەر دەمیا هات هەڵتووتا.
بەبای بزە ماچێکی بۆ نارد لێوەکەت
بووە پشکۆ،
بەلێوی دڵمەوە نووسا،
بە ماشەی دەست ویستم لایبەم
لێو بووە تەم،
کەچی لەپڕ دەستم سووتا!
لەو رۆژەوە دەست بووە مۆم
نامەی سۆزی لەبەر بزەکەی دەنووسم
بزەش بۆتە پارچەی خوێنینی دڵەکەم!

١٩٧٧

## پەپوولە

ئەو دەمەی چاوی لێکدەنێ
هەڵیدێنێ،
باڵەفڕکەی پەپوولەیە
پەیتا پەیتا دەسووڕێت و دەخولێتەوە
لەسەر خونچەی دڵم ناسك
هەڵدەنیشێ!

١٩٧٧

# نەوهاڵ

دەڕۆم دەڕۆم

کەساس دەڕۆم

پرسیار دەکەم بۆ رەنجەڕۆم ؟

پرسیار دەکەم

هەر دەڕۆم و پرسیار دەکەم

بۆ دووکەڵە هەناسەکەم؟

بۆ گڕە سۆزو تاسەکەم؟

پرسیار دەکەم

سەری گێژم دێنم دەبەم

لە خەمی خۆم دڵ ون دەکەم

پرسیار دەکەم پرسیار دەکەم

ئاخۆ چییە تاوانەکەم؟

پەڕەسێلکەم

بۆ تێکیاندا هێلانەکەم؟

* * *

نم نم لەسەرخۆ بارانە
تنۆکی باران گریانە
شانۆی بالێهی چاوانە!

* * *

هەڵاڵەکە: ئەی ددان مۆم
تێناگەم بۆ هەڵگری تۆم؟
سەیری ناسکت: خوناوم
بەناز دەسڕێ تەمی چاوم.
جوانی تۆ دانسە بەستەیە
ئاوازی ئەو هەڵبەستەیە
کە ئێستاکە سەر دەردەکا
ئەشکی لە چاوم سەردەکا!

* * *

نەوهاڵەکە: باران باران
تێکەڵ دەکا خەندەو گریان
هانم دەدا بێمە کنت
بێمە ناو دڵی شەرمنت

بەڵکو دڵت دڵی نەرمت

هەر ئەمشەو باوەشی گەرمت

ببێتە هێلانەی دڵم

پەپوولەکەی خونچە گوڵم!

زستانی ١٩٧٧

## کێیە

له دوور دیاره

تاقه سواره

تۆزێ دەکا

خۆی له تۆزی خۆی لوول دەدا

له ئاوزینگی رکێف دەدا

رەوتی: رەهێڵەی بارانه

له گێژەنەو له سووڕانه

دەست و رمی: رێژنەو زریان و تۆفانه!

١٩٧٧

## پەڕەسێلکە

وەرە ژوورێ

دمکت لە پەنجەرە مەدە

داوە داوە

داوی راوە!

وەرە ژوورێ

دەرگای ژوورەکەم واڵایە

تارا لەسەریا ئاڵایە

وەرە لە بنیا هەڵنیشە!

وەرە ژوورێ

ژوورەکەی من کاریتەکەی هێلانەیە

ئەزیش کاریتەی بنمیچی زنجەکانم

ئەز ئەزتانم!

کۆتایی ساڵی ١٩٧٧

## زەری

ئەی شۆخەکەی دیدەپەری
کارمامزی دەشتی سۆزم
لە نەورۆزم
تامێ تۆم دی،
چیایەك بووی
تەمی یادگاری ژینم
تۆقەڵەتی داپۆشیبوو!
بەڵام ئەو کاتەی تێم رامای
نیگای سەوزت تاڤگەی تەزیوی کوێستان بوو
خوناوەکەی،
رووی ژاکاوی گەشاندمەوە!
بزەکەشت نساری فێنکی من بوو
لە سایەیدا ئۆقرەم گرت و حەسامەوە!

٣٠ - ١ - ١٩٧٨

## زام

ئەی گوڵەندام
ئەی کۆنە زام
زامی هەمیشەی تەمەنم
چۆن پێکەنم ؟
جوانیت داوە
لە باڵی سۆزم ئاڵاوە!
چەند تەکان دەم
توندتر دەیگرێ داوی پێوەندەکەم!

٣٠ - ١ - ١٩٧٨




**بلوز**

**عومەر شەریف رەسووڵ**

## چەند وتەیەکی پێویست

خوێنەری بەڕێز ...

مێـژووی دەسـتپێکردنی شـیعرم بـۆ سـاڵی ١٩٦٦ دەگەڕێتـەوە ئـەو کاتـە قوتابییەکـی هـەرزەکار بـووم، زۆر حـەزم لـە شـیعر دەکـرد، لـە راستیشـدا شـیعر بەدەگمـەن دەنووسـم، ساڵەهای سـاڵ هەبـووە شـیعرم لا میـوان نەبـووە لـە دەرگای هەسـتم بـدا. نەمویسـتووە بـەزۆر لەخۆکـردن شـیعر بنووسـم، چـۆن بـۆم هاتـووە وام تۆمارکـردووە، لەدواییـدا ئەگـەر دەسـتکارییەکی زۆر کەمـم کردبـێ، بـەردەوام شـیعرم نەنووسـیوە، بەڵکـو مـاوەکان پچـڕ پچـڕ بوونـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا شـیعر نووسـین لای مـن تاقیکردنەوەیەکـە

لەگـەڵ خـودو دەروونـی خۆمـدا دەیکـەم.

هەرگیـز شـیعرم نەکردۆتـە پیشـە، ئارەزوویەکـە هەڵمبـژاردووە، رەنگـە رێبـازی ئەدەبـی هەبـێ کاری کردبێتـە سـەر شـیعرم، بـەڵام لـە کاتـی نووسـیندا هیـچ رێبازێـك ناخەمـە بەرچـاو بیـر لـە هیـچ رێگایەکیـش ناکەمـەوە، تـا راسـتەوخۆ شـیعرەکە خـۆی دەنوێنـێ، تەنیـا بیـر لەمـە دەکەمـەوە کـە بتوانـم خوێنـەر لـە شـیعرەکانم بـگا ... ئیـتر خۆشـیت.

عومەر شەریف رەسووڵ

هەولێر - ١٩٩٠

## تابلۆی سروشت

سەرەتاتکێی ئەستێرەی گەش
نەرمە شەپۆلی تەزووی لەش
لەرەی تەلی مۆسیقای جۆش
بەزم و رەزمی گۆڤەندی خۆش
لەسەر گۆمی شینی بێدەنگ
مانگ ئەرژێنێ تریفەی شەنگ
نیگاری چوارچێوەی هەستم
ئەینەخشێنێ خوای هەڵبەستم
نیگای نازی چاوی ئاسك
لە ژێی سۆزم ئەدا ناسك
لەناکاوا ئەشکی بەیان
ئەتکێتە سەر خونچەی نیان
ئاسۆی رەندی رەنگ پەمەیی
لێی دێتەدەر بە شێنەیی
خۆری مەندی سروشتی ژین

کەژاوەکـــەی ئاســـمانی شـــین
ئـــاوی تاڤگـــە لـــە قـــەد کۆســـار
بـــە لەنجـــەولار کـــە دێتـــە خـــوار
ســـەمای جوانـــی فریشـــتەیە
ئاهەنگـــی ئـــەو بەهەشـــتەیە
کـــە دڵ ئەلاوێنێتـــەوە
خەفەتـــم ئەتوێنێتـــەوە.

١٩٦٨

## پەخشان:

### تەکانێك

بیرم دەکردەوە ژیان بێ پایان بوو، بێدەنگییەك باڵی سامناکی بەسەر دڵمدا کێشابوو، لە مردنی دەکرد. تێنوو بووم، ئاو نەبوو. ناچاربووم بە بیری ناخی خۆمدا شۆڕبمەوە. ئاوێکی فێنك هەبوو، بەڵام بڕی تێنوویەتی نەشکاندم. چەند پتر دەچوومە خوارێ، ئاو کەم دەبۆوە. چراش کز دەبوو، چرا کوژایەوە. رێ تاریك داهات. دڵتەنگ بووم، دامە هاژنی گریان. فرمێسکی چاوی خۆم نۆشی. چاوم روون بۆوە. رێم بەدی کرد. تەکانمداو هاتمە دەرێ، گزنگم دی چاوی ماچ کردم. منیش کڕنۆشم بۆ برد. هەورێکی سپی پەیدا بوو، بارانی ناسکۆڵەی لێ باری. نازی شۆخە نەوهاڵەکە، تەلی سۆزی ختۆکە دام، کانیاوی بەهەرەم هاتەوە قوڵە قوڵ.

١٩٧٧

## پەت پچڕکێن

(بۆ پێکەنین)

ئاژاوەچی
کابرای بن گردی نیشانچی
پەنجەی زمان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ
کەمۆ سێبەری کەوانە
کتك: بێدەنگ
سوورکەی قەلەندەر: نیشانە
من خانەخوێم
بێ جێگاو رێم
عەوڵا حەیرانیش: میوانە
زمان: کلکە
کتك: مشکە
کەوان: چزووەکی دووپشکە
هەرسێکیان دەبنە سێکوچکە
موختاری گوندی سەرپشکە

١

ئەز شایەرم

عەوڵا حەیران دەهۆڵ ژەنە

ئەی چۆخە شین کلك پان دەپێکەنە!

٢

دۆخین: قەیتان

جۆخین: مەیدان

کۆخین نیشان

کەوان دەبێتە پاڵەوان!

٣

عەوڵا حەیران: لەوحەی خەیاڵی هەڵچوومە

پەنجەی سەیران: وێنەکێشی ئارەزوومە.

١٩٧٧

## هەڕەشە

ئەمن ئاغام
بە قسەی گەلۆر و گێلان
گوایە بەبێ پشت و پەنام.
دە قەیناکە با وا بڵێن
لە نێو کەلێن.
جنێوی قشت
بە کوێچکەی وشت:
دەقۆزمەوە
تا ڕێگایەك دەدۆزمەوە
جا ئەو دەمە گوێیان دەگرم
بە زمان هەڵیان دەواسم
پەل پەلیان دەکەم بە داسم .

١٩٧٧

## ئەکتەرەکان

ئەکتەرەکان بەرەو دەربار هەنگاویان نا
بە بای بۆگەن هاتنە سەما.
ئەو بۆنەیان لا عەتر بوو
بۆ سێبەریان وەك کەپر بوو
نەیانزانی کەپرە رزیوەکەی دوێنێ
هەرەس دێنێ
برین دێنێ
برینی قووڵ
کەڵبەی مێژوو زام دەچێنێ
زامی رەش و رووتی مەلوول.

١٩٧٧

## پەیك

وا لەبەر مۆم
ئەنگوستی خۆم
دەکەمە پەیکی شارەزا
بۆت دەنێرم بە باڵی با!
ساڵەهای ساڵ
گریانی تاڵ
ببووە بەرداشێك دەسووڕا
هەر دەسووڕا بەبێ وچان
بەهۆی بازووی چەوساوەکان
گەنم: بەرد بوو
نانی: زەهرو نسکۆو دەرد بوو.

١٩٧٧

## رازی مێژوو

- ١ -

ئەو دەمەی ڕێگام ساتمەیە
دەوروبەرم داوەو پڕیشکی ساچمەیە.
کارەکەری خاتوونەکەی خاوەن شکۆ
تای نایەتێ.
بێ ژان دەزێ.
نۆبەرەیە بێچووی قشتی
ساوایەو نەکراوە پشتی
ئەوقاتێکە گشت جێی زارە
قاندڕی توولەی دەربارە.
کە دایکی کۆچ دەکا ناچار
پەنا دەباتە بەر دەربار
دەبێتە توولەی دەرباران
کلکی تەڕ نابێ بە باران.

- ٢ -

بە فووی بەدکاران دەکوژێمەوە
بەڵام لە نوێ دەژێمەوە
ئەنجا بزەم دەکوژێتەوە
شەیتانی بەد دەڕشێتەوە
ئەودەم دەبێتە شایلۆغان
بەزمی کۆسەو نێرەمووکان
وەختێ چرا دادەگیرسێ
شەیتانی دانا دەترسێ
هەڵوێستی مەندم: تەڵەیە
شوێنهەڵگری رێی هەڵەیە
کلکی شەیتان دێتەوە بان
بەردەبنەوە دەمامکەکان.

١٩٧٧

## گەردەلوول

(بۆ فیداکارانی فەلەستین)

کورسیت عەردە
شاخ و بەردە
درەختەکەی بەرێك دەگرێ
گەو پەنجەیە
پەنجەی سەر پەلاپیتکەیە.
بۆ هەناوی ئەو گورگەیە!
کە ئێستاکە داناکەسێ
مەگەر گوللە هەڵیواسێ
لە کۆڕی جەنگ
دەنگداتەوە گرمەی تۆپ و تەقەی تفەنگ
داسی تفەنگ
دروێنە کات جەستەی دوژمن
ئا ئا دوژمن
لاشە خۆری منداڵ و ژن!

١٩٧٧

## کۆتایی گەردوون

ڕۆژگارێ دێ
ئا، ئەم گەردوونە یاخی بێ
لە یاسای کوێرانەی ناکۆك
لە کەلێنی تارماییەکان
ئاژاوەی دژوار سەر دەردەکات
ئەستێرەکان لە خولگەی خۆیان بترازێن
لەناو یەکا تێك قژقژێن
پێکدی کەون،
ملیارەها بارتەقای بۆمبای ئەتۆمی بتەقنەوە.
ئاسمان ببێتە یەك پارچە ئاگری سوور
بسووتێ تەرمەکەی گەردوون.
لە ئەنجاما بکوژێتەوە
بەرەبەرە سارد بێتەوە
ببتە خۆڵەمێش و دوکەڵ
تەکەڵ تەکەڵ

پەخش بن لە بۆشایی
ئاشکرابێ رازی گومان
باوی نەمێنێ ئەفسانەی شوێن و زەمان
ئەنجا ئەهریمەنی سالۆس بە تەنیایی
لەناو شەوی تاریکایی
لێدا تووڕتووڕەی خۆڕایی!

١٩٨٩

دڵ بــە ئــازارم بــە رواڵــەت شــادم
کـەی لەنێـو داو بـم ئـەودەم ئازادم

١٩٦٨

## بلووز

ئەی شۆخە کچ
چاوی مامز، تەسریحەی پرچ
هیچ کامێکیان سەرنجی من راناکێشن
خەمی دەروون لە رەگەوە هەڵناکێشن.
بەقەد ئەوەی وەختێ بلووز دەکەیتەبەر
نەك هەر دڵی ساواو ناسك،
دڵی بەردیش دەجوولێنی و دەیدەیتە بەر
نووکی خەنجەر.

١٩٩٠

# هەڵدێران

وا ئەمشەو لەبەر ئەم دەردەم.

ژانی دژوار و کوشندەم.

هەروەك مارێکی بریندار تەپاو تلمە جینگل دەدەم.

ئازارێکی دۆزەخییانە

کەوتووەتە وێزەی گیانم.

بەرگەی ناگرم لە دەستیدا هەراسانم.

لەپێش چاوم دونیای بەرین وێکدێتەوە.

جێم لە هیچ جێ نابێتەوە.

چەند حەز دەکەم.

خەوێکی قووڵ

قووڵتر لە خەوی مردنا

بمباتەوە

تا (کووکە) و ( کارەساتی) ئەم

رۆژگارەم بیر باتەوە.

٨ - ١٢ – ١٩٩١

## روانین

(سەرنج: لە شیعرێکی تەواودا تەنیا
ئەو چەند دێرانەم لەبیر ماون)

ورشە ورشی چڵی پەرداخ
شینایی ئاسمانی سەر شاخ
شکۆفەی ئاڵی رەنگ پشکۆ
لەنجەی دڵفڕێی هێرۆ
شایلۆغانێکن بۆ دەروون
دەروونی کەساس و زەبوون.
بەڵام گیانم، سۆزی تێنووی
هەڵینەهێناوە پێڵووی
تا چاو بڕ ئەکا بڕوانێ
لە دەورو پشتی ژیانێ:

که داوی گومان تەنیویە
ئاسۆی: هەوری خەم پۆشیویە
چاڵی هاری پشت شانۆی ژین
هیوامان قووت ئەدا بەقین.

١٩٧٢

## خۆزگەیەك

سۆزی خوێندم بارانە
بارانی ناو کێڵگەکانە
بولبولێکم بێ چوارچێوەم
لە چوارچێوەی دڵی ئێوەم
دانم ناوێ، ئاوم ناوێ
هەر تەنیا لەبەر هەتاوێ
بهێڵن بخوێنم تاوێ!

١٩٧٧

## بەهاری ژاکاو

ئـەی مەرگـی بـێ بڕانـەوە، ئـەی تەلیسـمی پـڕ لـە نیهـان
تاکـەی گـەرای خـۆت دائەنێـی لەگـەڵ پشـکوتنی ژیـان
ئـەو دەمـەی ئەرژەنگـی هـارت بەرەڵـڵا ئەکـەی بـۆ تـاوان
بـای ئـاکام رووی زەمیـن ئەگـرێ، بەرپا ئەکەی هـەراو گریان[٣]

١٩٧١

٣. سەرنج: ئەم شیعرە زیاتر بوو، فەوتاوە، هەر ئەم چوارینەم لەبیر ماوە.

## یاد

بـە نـاز کـە ژێـی گوێچکـەی رازم ختۆکـەدا هەناسـەی تـەم
ئاوازێکـــی نـــەرم و فێنـــك چـــرۆ دەرئـــەکا لـــە ســـۆزم
لـە شـەقەی باڵ ئـەدا لەگـەڵ سـەردوولکەی جۆشـی گرۆزم
بـە شـەپۆڵی ئەفسـووناوی یـاد ئەبەنـە مەڵبەنـدی خـەم[٤]

١٩٧١

٤. سەرنج: ئەم شیعرەیش زیاتر بوو، فەوتاوە، هەر ئەم چوارینەم لەبیر ماوە.

## هیوا

جریــوەی ئەختــەری خەنــدان لــە ســامالّی وەکــو زیــوا
رازێــك ئەخاتــە نــاو دڵــم گــەش و بڵنــدە وەك هیــوا
خونــاوی تاڤگــەی تەماویــی بەهــاری یــادگاری هــۆش
دڵۆپ دڵۆپ بـە ئەسپایی، ئەتکێتـە سـەر پەنگری هۆش[٥]

١٩٧١

٥. سەرنج: لەم شیعرەدا تەنیا ئەم دوو دێرەم لەبیر ماوە.

## ئاواتی گەنجی

ئـەی ئاواتـی تافـی گەنجیـم، ئـەی گوڵـی گوڵدانـی گیانـم
بـە تەماشـای بـێ ئامانجـت بوویتـە جێگای سـەر سـوڕمانم
چەنـد سـەیر ئەکـەم روانینەکـەت، چ روانینێکـە نازانـم
نیــگای دیلــت بەرەڵڵاکــە، دە چــاوت بــڕە چاوانــم!

* * *

تەمــی خەســتی ســەرنجی قووڵــی مەســتت بتوێنــەوە
تـا کارەبـای دڵـی شـەیدام دیـدەی خەواڵـوت راکێشـێ
تــکات لێئەکــەم تــۆو جوانیــت، لــە گومــان مەمێنــەوە
نازانــی چەنــدە دژوارە؟ خــۆت راناگــری لەبــەر ئێشــێ[٦]

١٩٧١

٦. سەرنج: لەم شیعرەیشدا لە چوار چوارین تەنیا ئەم دوو چوارینە ماون.

## ئامانج

کەس ناتوانێ، لە شوێنی خۆی، بە زرمەی دەهۆڵی فیشاڵ
بۆ ئارەزووی منی قاڵبووی بڕوای ئازار هەڵپەڕێنێ
ئەگەر کۆلکەی تەمەنی رەنج هەر بە ناوی ژیانی تاڵ
پەروەردە بێ، چۆن هۆشی زاڵبووی بەسەر ئێش نسکۆ دێنێ[٧]

١٩٧٢

هەستی ئێشکچیم لەبەر پەنجەرەو چراو چاوی ناز
ئەسووڕێتەوە وێڵ سەرگەردان چەشنی پەروانە
لەناخی تێنووم ژیلەمۆی گریان ئەبێتە ئاواز
ئەفڕێ بۆ ئاسۆی تەماوی گومان پڕ رازی گیانە

١٩٧٢

----

٧. سەرنج: لە شیعرێکی سەربەخۆدا، بەس ئەم چوارینەم لە یاد ماوە.

ئەســـتێرە بەنـــاز لەنێـــو گـــەڵای دار
ئەدرەوشــێتەوە چەشــنی چــاوی یــار

مەگـەر لـە ژیـان پشـووی خـۆم خۆشـکەم هـەر بـە هیـواوە
ســـەیری بـــەرزی کـــەم، بەبـــێ ئـــاوڕ لـــە وێرانـــەی دواوە
بدەمـــەوە کـــە هـــەزاران خۆزگـــەی تێـــدا نێـــژراوە
پەنـــا ببەمـــە بـــەر ئـــەو سرووشـــتەی دوور لـــە زەڵـــکاوە
١٩٧٢

# پەیڤی بنەماڵەی شاعیر

**ئەحمەد شەریف رەسووڵ**

**برای شاعیر**

ساڵانێکی زۆر بوو بە ئاواتی ئەوە بووین کە دەستنووسی دیوانە شیعری (بلووز) چاوی بە دونیای ئەدەب هەڵێنێ و سووچێک لە کتێبخانەی کوردی ئاوا بکاتەوە، ئەم ئاواتەمان ئەمڕۆ بە هەوڵ و کۆششی برادەری دڵسۆزی (خامۆش) بەڕێز کاک (غەفوور مەخمووری) هاتەدی، بەناوی بنەماڵەی (خامۆش) سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاستەی بەڕێزیان دەکەین و شانازی بەو کارەیان دەکەین کە دەرفەتیان رەخساندو هەردوو بەرهەمە شیعری خوالێخۆشبوو (زەنگی هەتاو)ی چاپکراوی ساڵی ١٩٧٩ و دیوانی (بلووز)ی دەستنووس و چاپنەکراوی ساڵی ١٩٩٠ یان بەیەکەوە و لە یەک بەرگدا لەژێر ناوی (عومەر خامۆش ... کۆ شیعر) بە چاپ گەیاندو ئەرکی چاپکردنەکەشیان خستە ئەستۆی خۆیان.

چاپکردنــەوەی دووبــارەی (زەنگــی هەتــاو)ی ســاڵی ١٩٧٩ لەگــەڵ دەســـتنووسی (بلـــووز)ی ســـاڵی ١٩٩٠ بەمەبەســـتی کۆکردنـــەوەی ســەرجەم شــیعرەکانی شــاعیرو ئاشــناکردنیان بــە نــەوەی نوێیــە، بــۆ ئــەوەی نــەوەی تــازەی شــیعر ســوود لــە شــیعرەکانی شــاعیر ببینــن و بزانــن کــە (خامــۆش) چــی پێشــکەش بــە بــواری شــیعر کــردووە.

لەگەڵ ڕێزماندا.



**غەفوور مەخمووری**

- غەفوور تاهیر سەعید سارمەمی ناسراو بە (غەفوور مەخمووری).

- ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی کەندی قەلان (وادی الغراب)ی سەر بە قەزای مەخموور لەدایکبووە.

- خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی میجانی سەرەتایی لە گوندی (مشار) تەواوکردووە.

- خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە مەخموور و هەولێر تەواو کردووە.

- دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی - کۆلێژی ئادابی -

زانکـۆی سـەلاحەددین - هەولێـرە.

- لـە سـاڵی ١٩٩٥ بـە هـاوکاری کۆمەڵـێ کەسـایەتی نەتەوەیـی و وڵاتپارێـز یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDKی دامەزرانـدووە.

- سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDKە.

- ئەندامـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـووە لـە خولـی دووەم (٢٠٠٥ تـا ٢٠٠٩).

- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- ئەندامی کارای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە IFJ.

- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

- ئەندامـی گـەڕی یەکەمـی دیالۆگـی کـوردی - عەرەبـی بـووە، کـە لـە مایسـی ١٩٩٨ لـە قاهیـرەی پایتەختـی میـسر بەسـترا.

- کارگێـری لێژنـەی بـاڵای بەرەنگاربوونـەوەی بەعەرەبکردنـی کوردسـتانە.

- ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە.

- ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ە.

- خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (میدیا)یە.

- سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گۆڤاری (سەرخۆبوون)ە.

- ئەندامــی زۆربــەی زۆری کۆنگــرە و کۆنفرانســە سیاســی و ئەکادیمییــەکان بــووە کــە لــە کوردســتان و دەرەوە بەســتراون.

- کۆمەڵــێ وتــار و لێکۆڵینــەوەی هــزری و رۆشــنبیری و ئەدەبــی لــە گۆڤــار و رۆژنامەکانــی کوردســتاندا بڵاوکردۆتــەوە.

- تا ئێستا کۆمەڵێ کتێبی بەچاپ گەیاندووە، کە ئەمانەن:

١- ســەرەتایەك بــۆ حەیــران کورتەیــەك لــە ژیانــی حەمــەد بەگــی، چاپــی یەکــەم، بەغــدا، ١٩٨٩

٢- بناری قەرەچووغ، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠.

٣- ســێ تیشــك لــە پەنجــەرەی شــیعرەوە، چاپــی یەکــەم، شــەقڵاوە، ١٩٩١.

٤- حوارات حول القضیه الکوردیه، الطبعة الأولی، بیروت، ١٩٩٩.

٥- حوارات حول القضیه الکوردیه، الطبعة الثانیه، أربیل، ٢٠٠٠.

٦- حەیــران (چەمــك - نــاوەڕۆك - ســەرهەڵدان)، چاپــی یەکــەم، هەولێــر، ٢٠٠١.

٧- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨- تعريب كوردستان، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠٠٦.

٩- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠- بصراحة، الجزء الأول، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٠.

١١- هەگبەی مەخمووری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٣- عومەر خامۆش (کۆشیعر)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤- تعريب كوردستان، الطبعة الثانيه، أربيل، ٢٠١٣.

١٥- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.. ئەرکە هەنووکەیی و ئامانجە ستراتیژییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.

١٦- الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٧.

١٧- نحو حريه واستقلال كوردستان، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٧.

١٨- مسعود البارزانی رمز البێشمەرگایتی والمقاومه القوميه، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٨.

١٩- هزر و رامان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- الإتحاد القومي الديمقراگی الكوردستاني YNDK (اليوبيل

الفضــی ١٩٩٥ – ٢٠٢٠)، الطبعــة الأولــی، طهــران، ٢٠٢٠.

٢١ - یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان YNDK (یۆبیلــی زیویــن ١٩٩٥ – ٢٠٢٠)، تــاران، ٢٠٢٠.

٢٢- اســتقلال کوردســتان (الأفــکار و التأمــلات)، الطبعــة الأولــی، طهــران، ٢٠٢٠.

٢٣- تعریب کوردستان، الطبعة الثالثه، طهران، ٢٠٢٠.

٢٤- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی چوارەم، تاران، ٢٠٢٠.

٢٥- لەپێناو کوردستان، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠٢٠.

٢٦- هەگبەی مەخمووری، چاپی دووەم، تاران، ٢٠٢٠

٢٧- بصراحة، الطبعة الثانیه، طهران، ٢٠٢١.

٢٨- تعریب کوردستان، الطبعة الرابعه، القاهرة، ٢٠٢٢.

٢٩- رسالتی من اجل کوردستان، الطبعة الأولی، طهران، ٢٠٢٢.

٣٠- اســتقلال کوردســتان (الأفــکار و التأمــلات)، الطبعــة الثانیــه، القاهــرة، ٢٠٢٢.

٣١- بصراحه، الطبعة الثالثه، القاهرة، ٢٠٢٢.

٣٢- رسالتی من اجل کوردستان، الطبعة الثانیه، القاهرة، ٢٠٢٢.

٣٣- یەکێتــی نەتەوەیی دیموکراتی کوردســتان YNDK (بەڵگەنامەکانی

شەشـەم کۆنگرەی YNDK)، چاپی یەکـەم، هەولێر، ٢٠٢٤.

٣٤- الاتحـاد القومـي الديمقراطـي الكوردسـتاني YNDK (وثائـق المؤتمـر السـادس ل YNDK)، الطبعـة الأولـى، أربيـل، ٢٠٢٤.

٣٥- الحيـران (مفهومـا ومضمونـا وظهـورا)، الطبعـة الثانيـه، أربيـل، ٢٠٢٥.

٣٦. سـەرەتایەك بـۆ حەیـران و کورتەیـەك لـە ژیانـی حەمـەد بەگـی، چاپـی دووەم، هەولێـر، ٢٠٢٥.

٣٧- بناری قەرەچووغ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

٣٨- سـێ تیشـك لـە پەنجـەرەی شـیعرەوە، چاپـی دووەم، هەلێـر، ٢٠٢٥.

٣٩- عومەر خامۆش (کۆشیعر)، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

٤٠- حەیـران (چەمـك - نـاوەڕۆك - سـەرهەڵدان)، چاپـی دووەم، هەولێـر، ٢٠٢٥.

٤١- الحيـران (مفهومـا ومضمونـا وظهـورا)، الطبعـة الثالثـة، القاهـرة، ٢٠٢٥.



شـيعرەکانی (خامـۆش) ڕەنگدانـەوەی ژیـان و خۆزگـە و ئاواتـەکانی ئـەون و تەعبیـر لــە کەسـایەتی و واقیعــی ژیـانی ئـەو دەکـەن، (خامـۆش)ی شـاعیر جیهانێکـی تایبـەت بەخـۆی هەبـوو، بۆیـە کـە شـیعرەکانی دەخوێنیتـەوە هەسـت بـەوە دەکەیـت شـاعیر لـە جیهانێکـی پـڕ لــە فەنتازیـادا ژیـاوە و، کەسـێک بـووە عەشـقی جــوانی بــووەو هەمــوو شــتێکی جــوان ســەرنجی ڕاکێشــاوە، ئەویـش لـە ڕێگـەی شـیعرەوە هەسـتی پەنگخـواردووی نـاوەوەی خـۆی دەڕبڕیـوەو گوزارشـتی لـە خـۆی و دەوروبەرەکـەی کـردووە، شـیعرەکانی (خامـۆش) بـە ژمـارە کـەم بـەڵام پوخـتن، خوێنـەر کـە شـیعرەکانی (خامـۆش) دەخوێنێتـەوە هەسـت بـەوە دەکات کـەوا شـاعیر زۆر بـە سـادەیی و ڕاسـتگۆیانە مامەڵـەی لەگـەڵ واقیـع و ژیانـدا کـردووە، ئەمەیـش بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە شـاعیر زیاتـر سـەرکەوتوو بـکات و لـە خوێنـەری نزیـک بکاتـەوە.

غەفوور مەخمووری